

# فریشتەی ئەوین و بەیەک گەیشتنێکی بێ بڕانەوە

**(دیمانەیەکی بڵاونەکراوە لەگەڵ فەتاح ئەمیری)**

**ئا: هادی حەبیبی**
**(سەردەشت)**

**فاوست دەڵێ: «تەنیا کەسێک شایستەی ژیان و ئازادییە، کە حازر بێ لە پێناویاندا چەک هەڵبگرێ و بۆ وەدیهاتنیان خەبات بکا.»**

ئەم پەیڤە ڕێک بە باڵای بەرزی فەتاح ئەمیری بڕابوو، ئەو لە ژیانیدا بە چەکی واژە و چیرۆک، هەوڵی ئینسانی و دادپەروەری دا و لە واژە بە واژەی ڕۆمانەکانیدا، گرووی یەکسانی و ئازادی گرت. فەتاح ئەمیری شوناسی خەبات و بەرخۆدان بوو، ئەویندار بوو، وەک مرۆڤ ژیا، مرۆڤانە نووسی و بە پەیامی مرۆڤایەتییەوە بەرەو ڕووناکی باڵی گرت. هەر نووزەی، ئاهەنگێک و هەر واژەی، کانیاوێک و هەر پەیڤێکی، ڕسکانی سەد خۆرەتاو بوو. هەر بەڵێن و وەفایەکی، شەپۆلێک لە مانگەشەو بوو. ئەستێرە ئاسا پەیامی بە گوێی سپێدەدا سرتاند و ڕۆیشت. منیش بە پێنووسی گریان، لەسەر پەڕی گوڵەباخ و باڵی نەخشینی پەپوولە سوور و سەوزەکانی کوردستان دەنووسم:

دڵۆپێکت خوێنی دیدە و دڵۆپێکیشت گەوهەری دەریای ئازادی و سەربەستی. سۆزی پیسۆزی دەروونت نەغمەی قەتارەی (مامڵێ)یە و خەیاڵیشت وەک بای سەبا، ڕاسپاردەی «دەردەکورد»ەکەی (هێمن)ە. بەرامەی نەسر و پەخشانت لە شیعرەکانی (هێدی)یە و چەپکەیەک چاوەڕوانییە. سوارەئاسا لە قورگی زەمانەوە گوێت لە زەمزەمەی زوڵاڵی خیزە وردەکانی کانییە. گۆمی ئەشکت هەڵناچۆڕێ و پەیڤت لە ئاستی نیشتمان، دڵ ناگۆڕێ.

خامـەت شـاخە و جەوهـەری سـووری پێنووسـت خوێنـی «میـرزا». «هاوارەبـەرە»ت بەسـتەیە و «گێژەڵووکـە»ت، «خـەم و خەیاڵ»ێکی کۆن و پڕ لـە حەزیا. لەسـەر چاوت تارمایی خەونی نیشـتمان، «زیندەخەو»ـە و قـەت لاناچێ، تۆ ڕووباری! ڕووبار هـەزاران پەناوپێچ دەکا، کەچی هـەر دەبێ بـەرەو دەریا بچێ.. لـە وەیشوومەی هەنووکـەدا، ڕووگـەت ئەوینـی دەریایـە. پیرەهەڵۆکـەی هـەژاری و قەڵغـان و گـورز و سـەنگەرت، سـەری نەسـرەوتووی گابـەرد و ڕەوەزەکانـی چیایـە. دڵۆپـی گەرمـی بارانـی و بـە گوێـی شـکۆفە و بەهـارا دەسـرتێنی. لـە شـەوەزەنگ ڕاناکەیت و گزینگی خۆر بـە دیاریی ئاسمان دێنی. هـەر هەنووکـەش نەغمـەی شـیعرێکی نەسـرەوتووت، کورتەشـیعری کـەس نەبیسـتووت لـە گوێمدایـە و لەگـەڵ فریشـتەی ئەویندا لـە ژوانێکی بێ کۆتایی ئاوێتەیـە و بـە ئاوازێکـی ئەویـندار، هـەر دێـت و دەزرینگێتـەوە:

**تەمەن ڕۆیی**
**هەتاکەی ڕاز و ڕەمزی ئەو دڵە گەرمەم**
**بپارێزم؟**
**گراویەکەم، گوڵم کەنگێ**
**شەوێک دەخزێیە ئامێزم؟!**

***

* بۆ یەکـەم جار ڕۆمانـی کـوردی، کێ نووسـی و لـە کوێ چاپ کرا؟

– ئـەوەی ڕاسـتی بێ، مـن لەسـەر مێـژوو زۆرم خەبـەر نییـە، تەنانـەت مێـژووی ڕۆماننووسـی. زمانـی کـوردی دیـارە یەکێـک لـەو زمانـە لـە مێژانەیـە و وەک دەڵێـن هـەوەڵ میللەتـێ دەسـتی کـرد بـە گەنـم چانـدن، لـە بەینـی دوو چۆمـی دیجلـە و فـورات کـورد بـووە، ئـەوەش نیشـانەی ئەوەیـە پێشـتر لـە میللەتانـی دەوروپشـتی، هەنـگاوی قۆناغـی شـوانی و چادرنشـینی بـەرەو گوندنشـینی و کشـتوکاڵ هەڵێناوەتـەوە، هەرچەنـد بـە داخـەوە ئێسـتاش کـە ئێسـتایە، نانـی خـۆی بـە ئـاوی خـۆی، بـە تەسـەلی نەخـواردووە. ئەگـەر ئـەو قسـەیە ڕاسـت بـێ، نیشـانەی بـەرەو پێـش چـوون و شارسـتانیەت بـووە، بـەڵام وەک دەڵێـن: (کـەس بـە خەیـاڵ نەبـووە بـە مـاڵ)، ئێمـەی کـورد بەشـی ئەدەبیاتـی نووسـراومان درەنـگ دەسـت پـێ کـردووە، واتـە ڕۆژنامەگەریـی کـوردی، نزیکـەی ١١٥ سـاڵ لـەوەی پێـش دامـەزراوە.

پـاش پێکهاتنـی دەوڵەتـی عێـراق، واتـە پـاش یەکـەم شـەڕی جیهانـی، کـورد چـوار لـەت کـرا و بەشـی گـەورە، بـەر دەوڵەتـی عێـراق کـەوت کـە هـەر لـە سـەرەتاوە زبانـی کـوردی تێـدا گونجـاوە؛ یانـی خوێنـدن و نووسـین بـە زبانـی کـوردی تێـدا هەبـووە. کـورد چونکـە دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی نەبـووە، گلەیـی لەسـەر نییـە درەنـگ دەسـتی پـێ کردبـێ، ئێمـە ماینـەوە و کەوتینـە قـڕڕەی. یەکـەم جـار لـە لەتـی کوردسـتانی عێـراق ڕۆمـان نووسـراوە، بـەڵام لـە کوردسـتانی ئێـران، هـەوەڵ کـەس کـە ڕۆمانـی چـاپ کـرد، دوکتـۆر ڕەحیـم سـەیفی قـازی بـوو، کـە ڕۆمانـی «پێشـمەرگە»ی لـە بەغـدا بـڵاو بـووەوە. دوکتـۆر سـەیفی قـازی یەکێـک لـەو لاوانـە بـوو کـە دە زەمانـی پێشـەوا قـازی محەممـەددا، لـە لایـەن کۆمـارەوە بـەڕێ کرانـە شـوورەوی پێشـوو، پـاش تێکچوونـی کۆمـار، هێندێـک لـەو لاوە خوێندکارانـە نەهاتنەوە. دوکتـۆر سـەیفی قـازی یەکێـک لەوانـە بـوو کـە نەهاتـەوە، لـەوێ خوێنـدی و بـوو بـە دوکتـۆرای مێـژوو. خـوای لێخـۆش بـێ، ئـەو کتێبـەی بـە یـادگار بـۆ بـە جـێ هێشـتین.

* ئـەوەی ئاشـکرایە کـورد دوای عەرەب و فارس دەسـتی بـە نووسـینی ڕۆمـان کـردووە، مـەودای زەمانیـی ڕۆمانـی کـوردی لـە گـەڵ ڕۆمانـی ئـەو

دوو نەتەوەیەدا چۆن دەبینن؟
- کاکە ئەو پرسیارەت، وەڵامی ئاشکرایە و ئێمەی فەقیر، وە چاکە بەنکاڵەی خۆمان دە بەنچەکمەی ئەوان نەخەین. عەرەب لە مێژە کەڵەبابی خۆی بە لەپان لێ ناوە، بۆ هەموو موسڵمانێک، بە تایبەتی موسڵمانی عەرەب، شانازییەکی گەورەیە کە بە پێی ئاماری جیهانی، پڕ فرۆشترین کتێبی دنیایە، قورئانە و زۆرترین ناو دە دنیایەدا (محەممەد)ە.
بەشێک لە قورئان کورتە چیرۆکە، باسی ژیانی پێغەمبەرەکانە و یەکجار خۆش و دڵگرە. زبانی عەرەبی وەک زباننااس دەڵێن: زبانێکی کامڵە، دەجا سەرەڕای ئەوەش ئیسلام ئەوەندی ئەسەر کردووە، تەنانەت هێندێک لە موسڵمانی نا عەرەب، بە تێکڕایی زمانەکەشیان گۆڕاوە و بووەتە عەرەبی، وەک ئەفریقاییەکان.
لە کوردستانی بەشی عێراق، کوردی وامان هەن، عەرەبی لە عەرەبەکان باشتر دەزانن، مەلاکانی خۆشمان باشی دەزانن، خوێندوویانە و کاریان پێ کردووە. مامۆستا (شوکر مستەفا)ی ڕەحمەتی کە من زۆری دە خزمەتدا بووم، یەکێک لەو عەرەبیزانانە بوو، تورکی ئیستانبوڵیشی باش دەزانی. چاکە لە باسە ئەسڵییەکەمان دوور نەکەوینەوە، عەرەب زۆر پێش فارس دەستیان بە ڕۆمان نووسین کردووە و نووسەری باشیان هەن. من کتێبەکانی نەجیب مەحفووزم خوێندوونەوە (ئەوانەی وەرگێڕدراونەوە سەر فارسی). پیاوی وەک حەسەنەین هەیکەل دە دنیای ڕۆژنامەگەریدا کەمە، سەدان نووسەر و ڕۆژنامەنووس دە میللەتی عەرەبدا هەن و هەبوون. عەرەب بێجگە لەوەی بۆخۆی دووسەد میلیۆن نەفەرە، بەشێکی دیکەی زۆریش لە میللەتانی دیکە، بە هۆی ئایینی ئیسلام بە زبان و فەرهەنگی عەرەب ئاشنان. عەرەب بێجگە لە خاوەن قەڵەم، خوێنەریشی زۆرە، ئەوەش هۆیەکە بۆ پەرەگرتنی فەرهەنگ و زبانی عەرەبی، دەیجا کارتێلەکانی نەوتی و پووڵ و پارەش لەوێ ڕاوەستێ، ئەوانە هەموویان چاوسوور و داشدارێکن و پشتیوانی تەواوی لێ دەکەن، بۆخۆشیان ئەوەندە بەرچاوتەنگن، تەنیا خۆیان بە ئاوەدانی دەزانن. دوبەی، ئەمارات، کوەیت و... دەبێ ئاوەدان بن و تێروتەسەل بژین، بەڵام ئەو نیسکە کوردە لە بەشی عێراق دەبێ بەلای ئەنفال و هەڵەبجەی بە سەر بێ و خەڵاتی نەوەی سەڵاحەددین ئەوەبێ کە سەددام حسێن دەگەڵی کردن و سوورییە بە کوردەکانی ئەو بەش بڵێ: میوان. دەو حاڵەدا هەڵسەنگاندنی ئەو دوو فەرهەنگە لەگەڵ یەک گونجاو نییە، کوردەکانی بەشی عێراق ماڵیان ئاوەدان بێ (زبانەکەیان) لە فەوتان ڕزگار کرد و ئێمە کە ئێستا قەڵەم لێ دەدەین، پیاوانە دە دەستمان دایە و ئەوەمان لە بیر نەچێ باشە. دیارە مەبەستم لە بەرچاوتەنگی عەرەب، حکوومەتە عەرەبییەکانە و سەرۆکایەتی میللەتی عەرەب ڕێز دەگرم.
مامۆستا هێمن دەیگێڕاوە، دەیگوت:
**«ڕوو لە هەر لایەک دەکەم بێگانەیە»**
**«ژین دە نێو بێگانەدا، تەنگانەیە»**
ئەو سەر و بەندی کە «ناڵەی جودایی»م بە دەستەوە بوو، لە بەغدایە دەژیام، حکوومەتی بەعس هێرشێکی بێ وچانی بردبووە سەر کوردستان و شەڕێکی بێئامان و قورس بوو، کوردەکەش وەک دیوارێکی پۆڵا، پارێزگاری لە وڵاتەکەی دەکرد. ڕۆژ نەبوو دەیان کەلاک و کوژراو بەرەو بەغدا نەهێننەوە، هەرگیز عەرەبێکم نەدی، تەنانەت بە چاویش لە ئێمەی

کورد مۆڕ بێتەوە، یان قسەیەکی ناشیرین بکا، ئەوە حکوومەتی عێراق بوو کوردی دەکوشت.

بیستوومە «عەبدولڕەحمانی زەبیحی» سەددام کوشتوویەتی، من بەڵگەیەکی وام نەدیوە کە ئەو قسەیە ڕاستە، یان درۆ، بەڵام ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بێ؛ هێندەی ئەنفال و هەڵەبجە تاوانبارە. کوشتنی ئەو پیاوە گەورە و فەوتاندنی فەرهەنگەکەی کە دە ڕاستیدا فەرهەنگی گەلی کورد بووە؛ دەبوو دە دادگایی سەددامدا یەکێک لە تاوانەکانی بێ و زۆریشی لە سەر بڕۆن. بە بڕوای من ئەم جۆرە کارە، دەچێتەوە سەر پێشێلکردنی مافی بەشەر و ئەو کارە، کوشتارێکی فەرهەنگییە.

وەچاکە باسی فەرهەنگ و زبان و ڕۆمانی فارسی بکەین و دەست لە کۆڵ عەرەب بکەینەوە. پاش حکوومەتی «مادەکان» کە دەڵێن کورد بوون، حکوومەتی ئێران دەکەوێتە دەست «هەخامەنیشی»یانی فارس، ئیدی فارس و تورک، یان ئازەری، نۆرەمان نادەن و لێمان دەبنە پاییزە برا. زبانی فارسی تەنانەت دە حکوومەتی پاشا ترکەکانیشدا دەبێتە زبانی ڕەسمی ئێران و تەواوی کاروباری دەوڵەت و دیوان و دەرسودەور بە فارسی دەبێ. ئەوان دەبنە حازرخۆری بن تەبەکێ و ئێمە هەڵدەپەسێردرێین، جا بڕوانە پتر لە ٢٥٠٠ ساڵ خزمەتی گشتی بە زمانی فارسی کراوە، هەروەها زۆر پیاوی فەرهەنگی و زانا، لە گەلی کورد هەڵکەوتوون کە ئەوانیش تەنیا خزمەتیان بە زبان و فەرهەنگی فارس کردووە. ئێستاش نموونەی ئەوانە هەن و دەیانناسین. برا گیان تۆش لە منت دەوێ پێکەوەیان هەڵسەنگێنم! کورد دەڵێ: «کەنگر و قوماش نابنە یۆڵداش».

ئەو فەرهەنگە مێژوویی و لە مێژینەی فارس، دوو چەشنە ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتووە، یەکیان ئاڵوگۆڕی ئاساییە کە بەسەر بەشی زبانی هەموو میللەتاندا دێ و بەرەو باشتر بوون دەڕوا. یەکی دیکەیان تێکەڵاوی زبانی فارسی دەگەڵ زبانەکانی دیکەیە. دە هێرشی مەغوولدا نە تەنیا زبان زیانێکی وای نەکرد، بەڵکوو دوای ماوەیەک، فەرهەنگی مەغوولەکان کەوتە ژێر کاریگەری فەرهەنگی ئێران و هێوری کردنەوە و دەکرێ بڵێم ڕامی کردن، هۆی ئەو شتەش ئەوە بوو کە مەغوول بە فەلسەفەیەکی بە هێزەوە هێرشی نەکردە سەر ئێران.

بەڵام دە هێرشی عەرەبەکاندا بۆ سەر ئێران، ئەو ئەسەرە بە پێچەوانەوە زۆر زەق و بەرچاو خۆی نواند. زبانی عەرەبی هرووژمی کردە نێو زبانی فارسی و کەوڵی لە حاجەت خست. «سوڵتان مەحموودی غەزنەوی» بۆخۆی ئاقڵی پێ شکا کە دەبێ کارێک بکا، یان فیردەوسی نەمر ئەو شوێنەی بۆ کێشا؛ لانی کەم من خەبەرم نییە، بەڵام شانامەی فیردەوسی ـ وەک بۆخۆی دەڵێ ـ بە سی ساڵان تەواو بووە:

**«بسی رنج بردم در این سال سی»**

**«عجم زنده کردم بدین پارسی»**

کە مانا کوردییەکەی ئەوەیە:

**«چەندەم ڕەنج کێشا دەو سی ساڵەیدا»**

**«عەجەمم زیندوو کردەوە بەو فارسییە»**

شانامەی فیردەوسی پێشەکییەک بوو بۆ بژاری عەرەبی دە زمانی فارسیدا. ئەو کارە تا ئێستێ هەر بەردەوام بووە، کەچی هێشتا واژەی عەرەبی دە زبانی فارسیدا زۆرن، بەڵام فارساندوویانە و زبانێکی شیرینی پێک هێناوە.

ئاماژەیەکیش بەوە بکەین زەرەری نییە، فارسەکانیش لە سەر فەرهەنگی عەرەب کاریگەرییان هەبووە، وەک بوونی سەلمانی فارسی، پاشان تایفەی بەرمەکی دە زەمانی خەلافەتی (هاڕوون)دا، کە ئەوە دەچێتەوە

سەر باسێکی دیکە و ئێمە لە پرسیارەکەمان دوور دەخاتەوە.

چیرۆکی زبانی فارسی، ئەوەندەی من ئاگادار بم لە کتێبی «ئەمیر ئەرسەلان»ڕا دەست پێ دەکا، کە دەچێتە زەمانی حکوومەتی قەجەرەکان، واتە «قاجاریە»، ئەویش حەکایەتی گوێی ئاگردان بووە کە حەکایەتخوانێکی دەربار بۆ شازادەیەکی قەجەری کوتووە، پاشان کە تەواو بووە، پێیان خۆش بووە و کردوویانەتە کتێب. ئەگەر ئەو کتێبەمان بە ڕۆمان و دەستپێکردنی ئەو هونەرە قەبووڵ بێ، دیسان لە ئێران زۆر درەنگ لە دایک بووە، دە حاڵێکدا لە وڵاتە دراوسێکانمان بە تایبەتی ڕووسیا دە زەمانی قەیسەرەکاندا، ڕۆمانی زۆر بە هێز نووسراوە. (من دە پێشەکی ڕۆمانی «بڵیند و نەوی» نەسرین خانمی جەعفەری دا پتر باسی ئەو مەسەلەم کردووە و هۆی ئەو دواکەوتوویەشم بە کورتی هێناوەتەوە).

* ڕۆڵی زمان لە ڕۆماندا چۆن پێناسە دەکەن؟

– یەکێک لە کەرەستە ئەسڵییەکانی ڕۆمان، زبانە. بە ئەندازەی هێزی زبان، پێوانەی ڕۆمانەکە فەرق دەکا، بە تایبەتی دە ڕۆمانی کوردیدا، چونکە ئێمە هێشتا زمانێکی یەکگرتوو و ئێستانداردمان نییە، بەڵام میللەتانی دیکە هەیانە. دە فارسیدا زبانی نووسین یەکە، دە حاڵێکدا لە شاری تاران، باشوور و باکووری شاری تاران جیاوازی قسەکردنیان زۆرە، دەجا بن لەهجەی یەزدی و شیرازی و ئیسفەهانی لە جێی خۆی ڕاوەستێ، بێجگە لەوەی ئێمەی کورد، زبانی تەواو یەکگرتوومان نییە؛ لە هەموو پارچەکانیش، زمانی میللەتانی دیکەی دەگەڵ کەوتووە. غەیری فارسی کە دەگەڵ کوردی کۆلکەیەکیان هەیە، هەردووکیان لە زبانە هیند و ئوروپاییەکان لە قەڵەم دەدرێن، بەڵام زبانەکانی دیکە دەگەڵ زبانی کوردی تێکەڵاو بووە، وەک عەرەبی و تورکی کە زۆر لێک دوورن و باوکیشیان لە مزگەوتێکی نەبووە.

هەرچەندە من پێم وایە زبانی فارسی و زبانی کوردی هەر یەکەی زبانێکی سەربەخۆیە، بەڵام وەک دوو برا دەچن کە باوکیان یەکە و ئەوی برا چووکەیان دە دەست زڕدایکدا گەورە بووە و پێی ڕانەگەیشتوون، ئەوی دیکەشیان ٢٥٠٠ ساڵە خزمەتی دەکەن و بژاری دەکەن، لە هەموو لایەکەوە بۆی دێنن و دەوڵەمەندی دەفەرموون. زبانی تەڕ و پاراو و کارامە «کارامە، مەبەستم زبانی ئەورۆیی و زانستییە» نرخی نووسراوەکە وەدەردەخا و کەسایەتی تایبەتی دەداتێ.

* ڕۆمان لە ڕۆژاواوە هاتووە، پێت وایە ڕۆژهەڵات ئێستاش لە ژێر کاریگەریی ڕۆمانی ڕۆژئاوادا ماوەتەوە، یان توانیویەتی سەربەخۆ بێ؟

– من پێم وایە ئەدەبیاتی هەر میللەتێک ئەگەر گەیشتە قۆناغی نووسینی ڕۆمان، نیشانەی دوو شتە. هەوەڵ: زبانە، کە بە تەواوی کارامەیە و دەکرێ بیروڕای فیکریی پێ بنووسرێ. دووەم: ئەو وڵاتە بەرەو شارستانیەت تا ئاستی ئەوەی نێوەرۆکی ڕۆمانەکە (مەبەستم باشترین ڕۆمانی ئەو وڵاتەیە)، چۆتە پێشێ.

گەیشتن بەو جێگەیە، پێویستی بە دەوڵەت و میللەت هەیە و حکوومەت دەبێ پشتیوانی فەرهەنگ بێ، لە نووسین نەترسێ و شان بۆ هەموو چەشنە ئازادییەک شل کا. میللەت ئازادی فێر بێ و نەیکاتە هەرەجومەرەج و هەرکەس هەرکەس. نموونەی نەبوونی ئازادی دە نێو ئێمەدا ئەوەیە کە بەشی زۆری ئەدەبی کوردی، شیعرە. ئەگەر ئێمە بڵێین ئەدەبیاتی کوردی کارامە نەبووە و کایەی پەخشانی لە دەست نەهاتووە، ڕەنگە تا ڕادەیەک ڕاست بێ، بەڵام

لە کەیەوە؟ ئەو کاتەی زبان، یانی نووسین و خوێندنەوە بە زبانێک ئازاد نییە، قەڵەم بەرەو شیعر دەڕوا، چونکە شیعر لەبەر دەکرێ، لە بیر دەمێنێ، کێشی هەیە، قافییەی هەیە و لە شانان خۆشە. شیعر لەو مێشکەوە بەرەو مێشکی دی وەردەگیرێ، بەڵام پەخشان ئەو کارەی پێ ناکرێ و لەبەر ناکرێ.

بە جەسارەتەوە دەڵێم زۆربەی بەیتەکانی ئێمە، شان لە شانی تراژیدییەکانی شکسپیر دەدەن و دە ئەدەبیاتی شیفاهیدا (زارەکی) کەم ناهێنن، کە بەشێکی زۆری بە پێی زەمان گۆڕاون، یان هەر لە بیر چوونەتەوە، بەڵام بەیتەکانیش ئەگەر شیعر نەبن، حاڵەتی شیعریان هەر هەیە و بەیتبێژ شاگردەکانی فێر کردوون، هیی خۆشی پێ کوتوون و هیی بەیتبێژەکانی پێشووشی بۆ نەقڵ کردوون. ئەو ئەدەبە نەخشین و ڕەنگینە سەبارەت بە نەنووسینەوە، هەرکەسەی هێندێکی لە بیر چووەتەوە، وەک بیرِنن هەر هاتووە و کەم بووەتەوە. دەو ساڵانەی دواییدا ئەو خۆشەویستانەی ئەنجوومەنی ئەدەبی مەهاباد، بەشێکیان تۆمار کردووە کە من بە کارێکی زۆر پیرۆزی دەزانم و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم، هەروەها برای خۆشەویست و دڵسۆزم کاک «کەریم قەیوومی» وەک بۆخۆی لە لای من باسی کردووە، هەلێکی بۆ هەڵکەوت و نیزیکەی هەزار کاسێتی سەعاتیی تۆمار کردووە، ماوەیەکی لەمێژە ئەو برادەرەم نەدیوە، هیوادارم ئەو خەزێنە بە نرخەی مابێ و ئەگەر بکرێ چاپی بکا و کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند بێ، کە من بەش بە حاڵی خۆم ئارەزووی لەوە گەورەترم نییە. زانای گەورەی کورد «ئەحمەدی خانی» کتێبی «مەم و زین»ی بۆ نووسیوین کە بە ڕواڵەت شیعرە، بەڵام «پرۆفیسۆر دوکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ» جارێکی کە من دە خزمەتیدا بووم، دەیفەرموو ماوەیەکی زۆر لێکۆڵینەوەم لەسەر «مەم و زین» کردووە، بێجگە لە بەشی ئەدەبیی بەرهەمەکە، باسی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەلسەفە، ڕەوانناسی، کۆمەڵناسی و ....م لێ دۆزیوەتەوە و سەلماندوومە.

مامۆستا هەژاری ڕەحمەتی کە بە ڕاستی ئەویش زانایەکی گەورەی کورد بوو، دە ئاخری کتێبی وەرگێڕاوی «مەم و زین»دا دەڵێ:

**«خانی لە هەزار و سەد ژیاوە»**

**«ئەو وەختە چلۆن لە مە دواوە»**

دەی کاکە ئێمە لە ساڵی (١١٠٠)ی هیجری پیاوی وەک (ئەحمەدی خانی)مان هەبووە و ئەگەر مەیدانمان هەبایە؛ بۆ ئەو پیاوە گەورە بەو بیرە تیژەوە، خۆی دە چوارچێوەی شیعردا زیندانی دەکرد؟ شک دەوەیدا نییە دەیان کتێبی گەورەی وەک (مەم و زین)ی دە مێشکی دابوو و بردوویەتە ژێر گڵ، بە داخێکی زۆرەوە.

وەک من بیستوومە هەموو بەشەرێک پازدە لە سەدی مێشکی کار دەکا، ئەوانەی ئەو پازدەیان شازدەیە، ئەوانە بلیمەتن و ئەوانەی ئەو پازدەیان چاردەیە، دواکەوتوون، ئیدی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای تێدا نییە، بەڵام ئەو پازدە لە سەدە، ئەوەندەی تێهاوێی دەبا و ئەوەندەی مەیدانی هەبێ لێی وەردەگیرێ. کەسایەتی بە پێی وڵاتە، تەنانەت ژین لە وڵاتڕا دادەکەوێ، هەر وڵاتێک ئازادی و مافی بەشەر و بە کورتی دیموکراسی پتر تێدا بێ، بەشەرەکانی پتر و زووتر تێ دەگەن و پێ دەگەن. لە ئەمریکای لاتین نووسەری وەک «گابرێل گارسیا مارکیز» ساز دەبێ و لە وڵاتانی دیکە کەمتر. ئەو شوێنەی شارستانیەت بە هێزە، خوێنەر بە

مانای کتێبخوێنیشی پتر دەبێ و کتێبنووسیشی پتر دەوێ و لێ هەڵدەکەوێ. تیراژی کتێب لە هێندێک شوێن میلیۆنە و لە هێندێک شوێن هەزارە، سەرجەمی ئەو چەنە چەنەی گوتم، مانای ئەوەیە بەم هۆیانە ڕۆژهەڵات نەیتوانیوە بە سەر ڕۆژاوا، لە بواری ڕۆماننووسیدا زاڵ بێ و پێشکەوتوویی ئێستاش لە ڕۆژئاوا وەدەردەکەوێ. سەبک و شێواز لە ڕۆژئاوا دادەمەزرێ و ئێمەی ڕۆژهەڵاتی لاساکەرەوەی ڕۆژئاواین. پیاو لە حەق لانەدا، وڵاتی ڕۆژهەڵاتیش ڕۆماننووس و نووسەری زۆر گەورەی لێ هەڵکەوتوون، لە فارسەکاندا ئێستاش«سادیق هیدایەت» خوێنەری جیهانی زۆرە و دە تورکەکاندا «یاشار کەماڵ» کوردی تورکی نووس، نووسەرێکی ناسراوە. نموونەی ئەوانە زۆرن و پێویست ناکا باسی هەمووان بکەم.

* سانسۆر چ بەڵایەک بەسەر نووسەر و نووسراوەدا دێنێ؟

– سانسۆر تانوپۆی هەردووکیان لە بەر یەک دەبا و کارێکیان بەسەر دێنێ، با بە دەواری شڕی نەکردبێ. نووسین نابێ بە ترسەوە بکرێ، چونکە ئەو ترسە، بیر و مێشک لە کار دەخا و نووسەر تووشی لە بیر چوونەوەی بابەت دەبێ. مێشکی زەلیلی دەستی ترس، توانایی دەربڕینی ئیحساسی باشی نامێنێ و هەستی دەخنکێ و بە جارێک لەسەر دووڕێیانی بیکەم، یان نەیکەم دەمێنێتەوە و ئیفلیج دەبێ، جا ئەو حاڵەتە بە درێژایی تەمەنی نووسەر و بە درێژایی تەمەنی سانسۆر، حاڵەتی خۆسانسۆری بۆ نووسەر بەدی دێنێ کە ئەو خۆسانسۆرییە هیلاکتر لە ئەسڵی سانسۆرە، نووسراوەش ئەگەر تووشی سانسۆر هات، وەسەریەک خستنەوەی گرانە، چونکە هەڵدەبڕدرێ و سەروبەری پێک نایەتەوە. بەو پرسیارەت بیرەوەرییەکم وەبیر کەوتەوە، لەجێی خۆیەتی ئەگەر بۆت وەگێڕم. تازە کتێبی «گۆڕستانی غەریبان»ی بەڕێز دوکتۆر ئیبراهیمی یوونسی کە بە فارسی نووسیویەتی هاتبووە دەرێ، بە پەلە خوێندمەوە و زۆرم پێخۆش بوو، بەڵام بەو قەڵەمە جوانەیەوە لە هێندێک شوێن تێ دەمام کە خوایە ئەوە نەدەبوو وابێ...؟

وا هات ڕێگام کەوتە تاران و چوومە خزمەتی، دیدارێکی خۆش بوو، زۆری حورمەت گرتم و بە خێری هێنام.

کەوتینە باسی کتێب و نووسراوە و ئەو بابەتانە، فەرمووی:

«گۆڕستانی غەریبان»ت خوێندووەتەوە؟

عەرزم کرد:

ـ بەڵێ، تەنانەت پرسیارێکی زۆر تایبەتیم لەمەڕ ئەو کتێبە هەیە، کە پێم وایە زۆرتر بیرەوەری خۆتە. کاتی خوێندنەوەی لە زۆر شوێنان هەستم دەکرد وەک لە سەربانێکی بڵیندڕا بەرم دەنەوە؛ لە مەسەلەکە هەڵدەبڕیم. ئەوە چییە، بۆ وایە؟

گوتی: «کاکەگیان ١٦٠ لاپەڕەی مقەستی خواردووە، دەتەوێ ئەوەی نەبێ؟!»

ئەو کتێبە بۆ دووەم جاریش چاپ کرایەوە، بەڵام من چاپی دووەمیم نەدیوە و نازانم هاتووەتەوە جێی خۆی، یان کەمی کردووە.

* ئارەزووت چییە؟

– لێمگەڕێ سانسۆری کەم.

* پێم خۆشە ئارەزووی چەند هونەرمەندێکم لە زمانی خۆتانەوە بۆ باس بکەن.

– ئا، ئەوە هاتییە سەر مەتڵەب، حەکایەتێکی کوردی منداڵانەمان هەیە دەڵێ: «گورگە شۆ، گورگانە شۆ، لەماڵە مە دوورەوە شۆ».

ئارەزووی هونەرمەند دە زۆربەی بەرهەمە

هونەرییەکاندا وەدەردەکەوێ، دە ڕۆماندا ئارەزوو دووورودرێژە، دە تابلۆیەکی شێوەکاریدا زانین و تێڕوانینی تیژی دەوێ، دە پەیکەرەسازیدا هەروەتر، بەڵام دە شیعردا ـ ماڵی شاعیر ئاوەدان بێ ـ زوو دەردەکەوێ، دە یەک دوو بەیتدا دەزانی شاعیر ئارەزووی چییە، یان یەکێک لە ئارەزووەکانی ئەوەیە.

جاروبارە هونەرمەند وەک خۆی دەگەڵ خەڵکی ئاسایی جیاوازی هەیە، دە ئارەزووەکانیشیدا هەروەها، جاری واشە دە هێندێک شوێندا دەگەڵ ئارەزووی خەڵک هاوبەشە.

کاک عوبەیدی ئەییووبیان کە ناسناوی شیعریی «بڕۆک»ـە؛ یەکێک لەو خوێندەوارە تێکۆشەرانەی کورد و نووسەر و شاعیرە، مامۆستای زانکۆ بووە و زۆری چەرمەسەری دیوە، دەکرێ بڵێین هێندەی مورتازێک، ئێستا خانەنشینە و لە شاری مەهاباد دەژی و بەرهەمی چاپکراویشی زۆرن. مامۆستا هێمن- ی بەڕێز لە جێگایەکدا دەڵێ:

**«ئارەزوومە هەرچی ئینسانە بە ئازادی بژی»**

یا لەو شیعرە جوانەیدا دەڵێ:

**«خۆزگە وەک خۆر نەمدیبایە شەوی تار**
**خۆزگە ساتێ ڕامنەبواردبایە بێ یار**
**خۆزگە پیری کەلەلای نەدەکردم**
**خۆزگە لە یەکەم ژوانگەمدا دەمردم»**

فرووغی فەڕوخزاد، خاتوونی شیعری فارسی گوتوویەتی:

**«کاش در ساحل رودی خاموش، عطر مرموز گیاهی بودم»**

بە کوردی دەبێتە:

**«خۆزگە لە بەستێنی چۆمێکی مەنددا، عەتری ڕەمزاوی گیایەک بام».**

مامۆستا شەهریار، شاعیری ئازەری خەڵکی تەورێز، کە بە دوو زبانی فارسی و تورکی شیعری زۆر جوانی هەن و خاوەنی (٥) بەرگ دیوانی شیعرە، ئاوا ئارەزوو دەکا:

**«جوانی شمع ره کردم که جویم زندگانی را**
**نجستم زندگانی را و گم کردم جوانی را**
**کنون با بار پیری آرزومندم که برگردم**
**به دنبال جوانی، کوره راه زندگانی را»**

کە کوردییەکەی دەبێتە ئەمە:

**«تەمەنی لاویم بە شوێن دۆزینەوەی ژیاندا ڕۆیی**
**ژیانم نەدۆزییەوە و لاوەتیم ون کرد**
**ئێستا بە باری پیرییەوە ئارەزوومە وەگەڕێم**
**لە کوێرەڕێی ژیان بەرەو تەمەنی لاوی»**

نە تەنیا هونەرمەند، بەڵکوو خەڵکی ئاساییش وەک یەک بیر ناکەنەوە. کاک عوبەید دەیەوێ چەتەیەکی کورد بیکوژێ، مام هێمن ئارەزوو دەکا بە لاوی مردبا، شەهریار دەیەوێ لە پیریڕا بەرەو لاوی بگەڕێتەوە و فرووغ ئارەزوو دەکا عەتری ڕەمزاوی گیایەک با. هەروەک شوێنی قامکەکان وێک ناچێ، بیر و فیکری هیچ بنیادەمێک یەک چەشنە نییە و تەنیا دەکرێ جار و بارە لێک نیزیک ببنەوە، دەنا فیکر نەکەم دوو بیر، مقەستبڕ وەک یەک بن.

* لە بەرهەمەکانت بدوێ؟

- سێ کتێبی ڕۆمانم نووسیوە بە ناوەکانی (هاوارە بەرە، میرزا، زیندەخەو)، هەروەها چوار پێشەکی کتێبی خەڵک و چەندان چاوپێکەوتن و نیزیکەی ٦٠ بابەتی جۆراوجۆرم دە بڵاوکراوەی ناوخۆ و دەرەوەدا بڵاو کردووەتەوە.

* بۆ بە زمانی فارسی نانووسی؟

- فارسەکان نووسەری باشیان هەن، بۆخۆیان لە من باشتر دەنووسن.

* بە بڕوای ئێوە نووسەر دەبێ چ تایبەتمەندییەکی هەبێ، مەبەستم ڕۆماننووسە؟

- ڕۆماننووس بە بڕوای من ئەو خاڵانەی

ژێـرەوەی دەبـێ تێدابـێ:
١) ئەو زبانەی پێی دەنووسێ، بیزانێ.
٢) چێژی نووسینی بەهێز بێ.
٣) زۆر بخوێنێتەوە.
٤) خۆش قەڵەم بێ.
٥) مـۆری نەتەوایەتـی بـە سـەر نووسـراوەکەیدا زاڵ بـێ.

* مەبەستت لە خۆش قەڵەم بوون چییە؟

- بنیادەمـی وا هەیـە خوێنـدەوارە، زانایـە، زۆری خوێندووەتـــەوە، زەوقـــی هەیـــە و ئەزموونیشـــی زۆرە، کەچـی نووسـراوەکەی لـە شـانان خـۆش نییـە، ڕەقـە، زوورە، کـەم کـەس حەوسـەڵە دەکـەن تـەواوی بکـەن، بـە کورتـی مـن بەوانـە دەڵێم:«قەڵــەم پیـس»، ئەوانـە نەنووسـن پتـر خزمەتـە، لـە کـۆڵ خەڵکـی بنـەوە، باشـترە. بـە پێچەوانـە هـی وایـە خوێندەواریـی کەمـە، بـەڵام خـۆش قەڵەمـە، ئەوانـە بـە خوێندنـەوەی زۆر، کـەم خوێندەوارییەکەیـان چـار دەکـرێ.

* تـۆ لـە کەیـەوە دەخوێنییـەوە و تـا ئێسـتا چەنـد بەرهەمـی نووسـەرانت خوێندووەتـەوە؟

- ڕاسـتییەکەی نازانـم چەنـدەم خوێندووەتـەوە، بـەڵام ئـەوەی بـە تـەواوی لـە بیرمـە، نیزیکـەی (٥٠) سـاڵە دەخوێنمـەوە، بێجگـە لـە ڕۆژنامـە و گـۆوار و بابەتـی کـورت و ئەوانـە، ڕەنگـە ٥٠٠٠ جڵـدم کتێـب خوێندبێتـەوە، جـا لـە کتێبـی وەک دەڵێـن بـازاڕی و حەکایەتـی گوێـی ئاگردانـڕا بگرە، هەتـا کتێبـی بـە نـرخ.

* هـەوەڵ ڕۆمانێکـی خوێندووتـەوە، ئەگـەر لـە بیـرت مابـێ چ بـوو و چـۆن بـوو دەسـتت دایـە؟

- بەڵـێ، بـە چاکـی لـە بیرمـە و هەتـا گڵەبانـی چاوانـم دەکـەن، ئـەو بیرەوەرییـەم لـە بیـر ناچێتـەوە. تەمـەن دە سـاڵان بـووم و چـواری سـەرەتاییم لـە شـاری مەهابـاد دەخوێنـد. ئـەو پرسـیارە گۆڤارێکـی فارسـیش لێـی کـردووم، بەڵام ڕەنگـە بێتـام نەبـێ لێـرەش بـۆت بـاس بکـەم. بیـرەوەری منداڵـی وەک چەقـە و بنێشـت (قیـڕ و بنێشـت) بـە مێشـکی پیـاوەوە دەنووسـێن، تەنانـەت مـن نێوەرۆکـی ئـەو ڕۆمانەشـم کـەم تـا کورتێـک لـە بیـر مـاوە. (ئیـرەج میـرزا) شـاعیری مەزنـی فـارس، شـیعرێکی جوانـی هەیـە:

**«یاد ایام جوانی جگرم خون میکرد**

**خوب شد پیر شدم کم‌کم و نسیان آمد»**

کوردییەکەی دەبێتە ئەوە:

**«یادی تەمەنی لاوی، جەرگی دەکردمە خوێن**

**چا بوو پیر بووم و بەرەبەرە فەرامۆشی هات»**

پـاش نیـوەڕۆی بەهارێکـی مەیلەوگـەرم بـوو، مەدرەسـەی ئـەودەم دووسـەرە بـوو، بەڕەڵــڵا کرابووین و بـە شـەقامی شاپووری ئـەوێ دەمیدا دەهاتمـە خـوار. بـە بەردەرکـی کتێبفرۆشـییەکدا ڕۆیشـتم، شـلۆغ (قەڵەباڵـغ) بـوو، پێـم وابـوو شـەڕە، تووشـی هاوکلاسـییەکم هاتـم و گوتـم:

چ باسە؟

گوتی:

کتێب هەڕاج دەکەن.

ـ بە چەندی؟

ـ تمەنێک.

خـۆم دە ژووری دوکانەکـە ڕاکرد، پاکەتـی چووکە دانرابوون، تمەنێکت دەدا و پاکەتێکت هەڵدەگرت، شانسـی مـن، تمەنـەم دانێ و پاکەتەکـەم کـردەوە، لـە پشـت کارتێکـی چووکـە نووسـرابوو-

«نرگس، نوشتەی حسینقلی مستعان».

پووڵـەم وێ دان و کتێبەکـەم وەرگـرت و دەرپەڕیمـە دەرێ. کەمێـک خوارتـر لەسـەر شـەقامەکە، وەک ئێسـتا خانـووی «شـارەداری» بـوو، دەورەی نـەردە کێشـرابوو، پاڵـم وە نـەردەکان دا و دەسـتم کـرد بـە خوێندنـەوەی کتێبـی گوریـن. کەمێـک بـە زەحمـەت

ڕاستم دەکردنەوە، جار و بارە لە ماڵێ ڕۆژنامەم خوێندبوونەوە، بەڵام ئەوە هەوەڵ جارم بوو دەستم دەدا کتێبی غەیری دەرسی. کەمێک چوومە پێشێ، ڕایکێشام. چیرۆکی ئاشقانەی کیژ و کوڕێکی کەم تەمەن. بە ڕاستی هەردووکیانم بە شێت دەزانی، هەتا پتر دەچوومە پێشێ؛ پتری سەرگەرم دەکردم. ئێستا کە تەمەن چووەتە سەرێ و شەڕەشەپی زەمانە و بگرە و بەردەی ڕۆژگار بەرەو پیریم دەبا، ئەو شیعرەی «حاجی هاشمی نانەوازادە»م باشتر لێ حاڵی دەبێ:

**«نووری عیشق نابیندرێ، هەر وەک ڕوحی پەروانەیە**

**هەر کەس کە ئەهلی دڵ نەبێ، مەجنوونی پێ دێوانەیە»**

من نەمدەزانی عیشق چییە و بەری چ داڕێکییە، تەنانەت خەبەرم لە غەریزەش نەبوو. کچێکی گەڕەکی خۆمان، جارێکی دوو شەپڵاغەی ئەفسەریی لێ دام، ئەو تەواو عازەب بوو و من منداڵ بووم. ئەگەر ئەو چاوپێکەوتنە بخوێنێتەوە و ئیشاڵڵا مابێ؛ وەبیری دێتەوە.

کەمێکم لە کتێبی گۆڕین خوێندەوە، وڵات تاریک دەبوو، بەرەو ماڵ بووم. شەوێ لە جیاتی دەرس و دەور، هەر خەریکی کتێب خوێندنەوە بووم. بە چەند شەوان تەواوم کرد، دوو سێ جاران سەرلەنوێ خوێندمەوە، چی وای نەمابوو لەبەری کەم. هاوین بەسەر دەستاندا هات، پێش ئەوەی بەرەو گوندەکەی خۆمان بڕۆمەوە؛ چەند بەرگم لە کتێبەکانی دیکەی ئەو نووسەرە کڕی و دە ماوەی هاویندا، هەر یەکەی چەند جارم خوێندنەوە.

ئیدی سەوادم لێی کراوە، بۆ پاییزێ بوومە کتێبخوێن، بەڵام کەس نەبوو وەپێشم کەوێ و بابەتی چاکم پێ بڵێ، تەنانەت هێندێک لە بنەماڵەکان، کتێب خوێندنەوەیان بە کارێکی باش نەدەزانی و دەیانگوت: «منداڵ بەد عەمەل دەکا»، یان دەیانگوت: ئەو ماڵەی کتێبی غەیری دینی تێدابێ؛ مەلایکەی تێوە ناچێ. ئەمن ئەوانەم نەدەزانی، بەڵام بە دزی خەریکی خوێندنەوە دەبووم، جا هەرچیم وەبەر دەست هاتبا، بازاڕی، بێ نێوەرۆک، گوێی ئاگردان، هەر زۆر بایە و بۆر بایە، ڕێگەم داگرتبوو، بەڵام کوێرەڕێ، گاڕانە ڕێ، ڕێچکە مەڕ.

لە بیرمە جاری وابوو هێندێک لەو شەوانەی کە سبەی تاقیکردنەوە بوو؛ خەریکی خوێندنەوەی ئەو جۆرە نووسراوانە دەبووم.

بوومە خوێنەرێکی بە تەواوی مانا، شێت و شەیدای کتێب و ئاشقی نووسراوە، بە تایبەتی بوومە مەجنوونی ڕۆمان. دەڵێن لە قەیس (مەجنوون)یان پرسی: «لە عەلی و معاوییە حەق بە کامیان بوو؟» گوتی: «ئەگەر ڕاستیتان دەوێ، حەق بە لەیلای من بوو».

پاشان، پاشی دە- پازدە ساڵ خوێندنەوە، هۆی ئەو وەشوێنکەوتن و ئۆگرییەی خوێندنەوە، بە تایبەتی خوێندنەوەی چیرۆکم بۆ ڕوون بووەوە. دەگەڕاوە بۆ تەمەنی زۆر منداڵی کە شەوانە دایکم لە پەنا خۆی دەنواندم، حەکایەتی بۆ دەکوتم هەتا خەوم لێ دەکەوت. من عادەتم بە نەقڵ و نەزیلە گرتبوو. بڕوام پێ بکەن بنیادەم هەتا دەمرێ، دایکی هەر پێویستە. دایک گەورەترین خەڵاتی خوایە بۆ ئینسان.

دایکم بە ڕاوێژێکی زۆر خۆش حەکایەتی بۆ دەگوتم، ئێستا دەزانم ئاهەنگی چیرۆکیان هەبوو، وێڕای گێڕانەوە، دەستیشی بە پشتیدا دێنام، دەیلاواندمەوە و بە زمانێکی منداڵانە قسەی بۆ دەکردم. زۆرتری چیرۆکەکانی دەچوونەوە

زەمانــی «غەزنەویــان». ســوڵتان مەحمــوود و هەیاســی خــاس و حەســەن مەمەنــدی، زۆرتریشــی لە زمـان (پیسـۆز)ەوە دەگێـڕاوە: «ئـەی پیسـۆز، ئــەی عەمــری مــن، ئــەی چــاوی مــن، میوانــم و خەســتەم و بــە ڕێیــەدا هاتــووم، نەقڵێــک، یــان سەرگوزشــتەیەکی هەتــە بــۆم بگێــڕەوە».

پاشـان لـە زمانـی (پیسـۆز)ەوە دەسـتی پـێ دەکرد: «شـەوێکی لـە شاری غەزنەینـێ، سـوڵتان مەحمـوود و هەیاسـی خـاس و حەسـەن مەمەنـدی بـە جلـی دەروێشـی، بـە شـاریدا دەگـەڕان. شـەو ڕاشـکابوو، شـار خامـۆش و بـێ هەسـت بـوو، ئەسـتێرە چاویـان دادەگرت، لـە گۆشـەیەکی شـاری، چـرای ماڵێـک دایسـا، وەک ئەسـتێ و بـەرد لێـک دەن؛ جارجـار لـە کەلێنـی دەرگاوە وردەشـەبەقێک دەبینـرا. وەژوور کەوتـن، جۆلایـەک شـاڵی تورمـەی دەکـرد، هەرچەنـد جـارێ مەکووکـەی (١) داویـت و شـەپیتەی (٢) پێـوە دەدا، لـە بـەر لێویـەوە دەیگوت:

«زمان ئامان».

هەیاسی خاس گوتی:

«مام جۆلا ئەو شاڵە کەی تەواو دەبێ؟»

جۆلا سەری هەڵێنا:

«بوولێڵی بەیانی!»

حەسەن مەمەندی پرسی:

«بۆ دەگـەڵ هـەر شـەپیتەیەک دەڵێـی: زمـان ئامـان؟»

جۆلا بە تووڕەیی:

«ئەگـەر زمـان لـێ گـەڕێ، سـەر سـلامەتە. هێندەشـی لـە سـەر مـەڕۆ، دەروێشـی چەنـە درێـژ!»

سوڵتان مەحموود گوتی: «برۆین!»

ڕۆیشـتن و بـەری بەیانـی جۆلایـان بـە شـاڵەوە لە بـارەگای سـوڵتان حـازر کرد. شـاڵ هەرچەندی بتـەوێ جـوان و خۆشـکڕ بـوو. سـوڵتان مەحمـوود ڕووی لـە حەسـەن مەمەنـدی کـرد: «ئـەو شـاڵە بۆ چـی دەبـێ؟»

ـ قوربـان بـۆوەی دەبـێ بـە خـەڵات بیـدەی بـە میوانێکـی خۆشەویسـت!

سوڵتان ڕووی لە هەیاس کرد:

ـ ئەو شاڵە بە کەڵکی چ دێ؟

هەیاس گوتـی: «ئەگـەر سـوڵتان بووکـی تـازەی هێنـا، بـۆی بکرێتـە پایەنداز».

ئەو کات سوڵتان ڕووی دە جۆلا کرد:

جۆلا ئەو شاڵە بۆ چی باشە؟

جۆلا دەستبەجێ:

ـ ئـەو شـاڵە بـۆ کاتێکـی سـوڵتان ئەمـری خـوای بـە جێهێنـا؛ بـە سـەر مەیتەکەیـدا دەن.

سوڵتان ڕەنگی غەزەبی لێ نیشت:

«جەللاد لە سەری دە!»

جۆلا ڕەنگی بە ڕوویەوە نەما، هاواری کرد:

ـ قوربـان شـەوێ ئێوەم نەناسـی، ئـەو قسـەیەم جوابـی پرسـیارەکەی وەزیـر بـوو، بۆیـە دەمگـوت «زمـان ئامـان».

سوڵتان لە تاوانی خۆش بوو، خەڵاتی کرد.

ئـەوێ دەمـێ کـە دایکـم ئـەو حەکایەتانـەی بـۆ دەکوتـم، نیزیکـەی هـەزار سـاڵ لـە زەمانـی سـوڵتان مەحمـوود تێپەڕیبـوو، کەچـی لـەو سـینگ بـۆ ئـەو سـینگ هـەر هاتبـوو و مابـۆوە. بـە نێوەرۆکـی حەکایەتەکانـی زەمانـی سـوڵتان مەحمـوود، زۆر شـت دەردەکەوتـن کـە ئـەوە ئێمـە لـە باسـەکەمان دوور دەخاتـەوە. ئەوەی مەبەسـتی مـن بـوو، ئەوە بـوو کە بڵێـم هۆگریـی مـن بـە چیـرۆک و بـە شـوێن کتێبـی ڕۆمانـی نەرگس (نرگس)دا و بەرەو ڕۆمـان خوێندنەوەی مـن، کاریگـەری ئـەو حەکایەتانـە بـوو کـە لـە تەمەنـی منداڵییـەوە خـووم پـێ گرتبـوون و حـەوت هەشـت سـاڵانە بـووم کـە دایکـم بـە ڕەحمەتـی خـوا چـوو. دایکـم و خەمـی دایـک وردە وردە کەمڕەنـگ، بـەڵام

بەتالاَیی شوێنی چیرۆکەکانی، دە مێشکی مندا هەر مابوونەوە. دوای مردنی دایکم کە دە ڕاستیدا بۆ من دایک و باوک بوو، چونکە باوکمم دە تەمەنی نۆ مانگاندا لە دەست دابوو، بە جارێک خۆشی و شادی لە ژیانم دەرپەڕی و دەتوانم بڵێم لە شایەتیرا کەوتمە گەدایی.

تەواو بە خۆدا هاتبووم و بووبوومە کتێبخوێنێکی بەردەوام کە ئەم هۆیانەم لێ ڕوون بوونەوە. هێشتاش پێم وایە بەتالاَیی دایکم لە ژیانی مندا هەیە و هەر پێویستم بە دایک هەیە، هێشتاش جاری وایە بە دڵ ئارەزووی چیرۆکەکانی شەوانەی دەکەم و هێشتا و هێشتا...

* بە بڕوای ئێوە، ڕستە لە زبانی کوردی و فارسیدا دەبێ چۆن بێ؟

- کوردی و فارسی - وەک دە پێشدا کوتمان - دوو زمانی جیاوازن، بەلاَم زۆر نیزیکن، وەک دوو برا. دە هەردووکیاندا ڕستە دەبێ کورت و قوڵە بێ، باسیش دەگۆڕێ. دە هێندێک باسدا ناکرێ ڕستە کورت بێ، بەلاَم بە بڕوای من هەرچەندی کورتتر بێ؛ لە شانان خۆشتر و دڵگرترە. غەیری کتێبی دەرسی، کە دەبێ بنەمای دەستووری تێدا بگونجێ، ئەوانیتر بە کورتی جوانترن، جاری وایە تەنیا واژەیەک، دەتوانێ جێگری ڕستەیەکی درێژ بێ، کە بە بڕوای من ئەگەر هاتە پێش، دەبێ کەڵکی لێ وەرگیرێ.

* چ زبانێک دەکرێ بڵێین دەوڵەمەندە؟

- ئەو زبانەی زاراوەی زۆرە، ئەوە دەوڵەمەندترە لەوی تریان.

* ئێوە وەک ڕۆماننووسێکی ناسراوی کورد، زۆرتر شوێنتان داناوە، یان شوێنتان وەرگرتووە؟

- من زۆربەی ئەوانەی خوێندوومنەوە، فارسی بوون، یان وەرگێڕدراونەتە سەر فارسی. دوور نییە نووسەرانی فارس شوێنیان لەسەر من بووبێ، ئەگەرچی هەوڵم داوە ئەو شوێنە نەبێ. بۆ شوێندانانەکەش ئەوە کاری من نییە، کاری ڕەخنەگرە.

* وەک سەرەتای ئەم پرسیارە، ئاخۆ زمان لە ڕۆماندا لەگەڵ زمانی باقی نووسراوە ئەدەبییەکان بە جیاواز دەزانی؟ ئەگەر وایە، جیاوازی لە چی دایە؟

- دە دیالۆگی قوڵە و کورتدا، مەبەستم پرسیار و وەلاَمی ئەزموونییە، ئەو جیاوازییە نییە، بەلاَم دە مۆنۆلۆگ و دیالۆگی درێژدا ئەو جیاوازییە هەیە. هۆیەکەشی ئەوەیە ڕۆمان دەبێ خوێنەر چاوەڕێ ڕاگرێ، ئەگەر ئاکامی مەسەلەکە لە هەوەڵەوە ڕوون بێ، ئیدی حەز ناکا ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە و حەوسەڵەی بە سەر دەچێ.

ڕۆمان، بەشی گێڕانەوەکەی ئاهەنگی تایبەتی خۆی هەیە، نەرمونیان و سەرنجڕاکێشە، بە شوێن یەکدا کارەسات دەخوڵقێن، وردەکاری دێنە ئاراوە، نێوەرۆکی ڕۆمان دەبێ دڵگر بێ و لەسەر خوێنەر ئەسەر دابنێ، من پێم وایە دەبێ زمانەکەش هەرچەندی بکرێ، ئاسایی و سادەتر بێ.

* سەرکەوتوویی مارکیز لە چیدا دەبینن؟

- گابرێل گارسیا مارکیز دە ئەمریکای لاتیندا دەژی، ئەوێ وڵاتێکی ئازادە بۆ نووسین، هەروەها بۆ قسەکردن و بۆ زۆر ئازادی کە ڕەنگە دە وڵاتانیتردا نەبێ. بە گشتی بۆ پێگەیشتن بە لووتکەی تێگەیشتوویی، ئێمە پێویستمان بە وڵاتی ئازاد و تێگەیشتوو هەیە، مەبەستم لەو پێگەیشتنە، خۆدەرخستن، یان خۆدۆزینەوەیە. ئینسان دە هەر بارەیەکدا دەبێ بگاتە ئەو خاڵە، ئەو قۆناغە، واتە قۆناغی خۆدۆزینەوە، ئەوجا ئەودەمی سەرە، بالاَیە، غەیری ئاساییە.

پسپۆڕێکی ئەمریکایی بە ناوی «مازلۆ» دەڵێ: خۆدۆزینەوە پێویستی بە هاتنە دی ئامانجەکانی ئینسان هەیە. بەو چەشنە ئەگەر ژیان وەک سێگۆشەیەک، یان قاڵبە نووشتەیەک ڕەسم بکەین، لە لای خوارێوە بۆ سەرێ و لە بنەوە بۆ سەرێ، لە ژێڵلا ئاوا دەست پێ دەکا: (١) نیازی فیزیکی. (٢) نیازی ئەمنییەتی. (٣) نیازی کۆمەڵایەتی. (٤) نیازی حورمەتی. «ئیحترام» کە کاتێک ئەوانە دە وڵاتدا و دە نێو کۆمەڵدا، هەموو ئەو نیازانە هاتنە جێ، ئەوجار دەگاتە خاڵی سەرەوەی سێگۆشەکە و دەبێتە خۆدۆزینەوە، بۆ ئەو کەسایەتییەی مەبەستی ئێمەیە، جا لە هەر ڕشتەیەک و هەر بابەتێکی کاری تێدا کردبێ و بیەوێ، بێجگە لەو حاڵەتە، یانی هاتنە جێی ئەو نیازانە، من دە ئەسڵی «نووسین»دا پێم وایە «مارکیز» سەرکەوتوویی کارەکانی دە وردەکاری نێو چیرۆکەکانی دایە، کە من ئەو وردەکاریانە لە کتێبەکانیدا بە تەواوی هەست پێ دەکەم. دە کتێبی «سەد ساڵ تەنیایی»، یان «عیشقی ساڵەکانی وەبا» ئەو وردەکاریانە زۆرن.

دە ڕۆمانی «عیشقی ساڵەکانی وەبا»دا کە نازانم کراوەتە کوردی، یان نا؟ من ئارەزوومە بکرێتە کوردی، بە ڕاستی کارێکی گەورەی کردووە، یەکێک لە وردەکارییەکانی ئەوەیە پاڵەوانی چیرۆک، ئەویندارە و بە خاتری ئەوینەکەی، ڕۆژێ شووشەیەک ئۆدکلۆن دەخواتەوە، دەیەوێ نێو زگی بۆن خۆش بێ یا ...

دە ئاخری ڕۆمانەکەدا زۆر دەوڵەمەند دەبێ، حەزەکەی شووی دەمرێ و بە دڵی خۆی دەگا، دەگەڵ حەزەکەی سواری کەشتی تایبەت دەبن، نەخۆشی «وەبا» وڵاتی داگرتووە، کەشتیوان دەڵێ:

ـ قوربان بۆ کوێ بڕۆم؟

کابرا جواب دەداتەوە: بۆ نێو دڵی دەریاکان.

ئەوە وردەکارییە و من پێم وایە هەرکەس ئەو ڕۆمانەی خوێندبێتەوە، ئەو بەشەی کۆتایی ڕۆمانەکەی لە بیر ماوە.

* ئێوە ڕۆمان چۆن دەست پێ دەکەن و قارەمان چۆن دەخوڵقێنن؟

– ڕۆمان لە سەری من دەڕژێ، یانی سەرڕێژ دەکا، ماوەیەکی زۆر دە پێشدا نێوەرۆکی ڕۆمانەکە دە مێشکمدا دێنم و دەبەم و هەڵیدەسەنگێنم، درێژ و قوڵەی پێ دەکەم، چوارچێوەی تەواوی ڕۆمانەکە دە خەیاڵمدا هەڵگێڕ و وەڵگێڕ دەکەم، کاتێک خەیاڵمی پڕ کرد و لە خەوی ڕاپەڕاندم؛ بۆخۆی دەڕژێ و پێم دەنووسێ. ئەوەی دە مێشکمدایە هەڵیدەڕێژم، کەم و زیادیش دەبێ.

دیارە ڕۆمان لە هەوەڵەوە قارەمانی پێویستە، یان من وا بیر دەکەمەوە قارەمانی ئەسڵی لە هەوەڵەوە ساز دەبێ، هێندێک مۆرەی تر دە درێژایی نووسیندا ساز دەبن. جاری وایە ئەو قارەمانە لاوەکییانە، جڵەوی کارەکە لە دەست پاڵەوانی ئەسڵی وەردەگرن؛ وەک «ڕەشیدە دزە» دە ڕۆمانی «میرزا»دا. بە ڕاستی من دە حاڵی نووسیندا بە سەریدا کەوتم و بوو بە پیاوێکی بەکار و ئازا، بوو بە ئەسڵ، بوو بە نموونە و خۆشەویستی خۆم و خوێنەرەکان. ئەو پاڵەوانە باش دەرهات، دە حاڵێکدا لە هەوەڵەوە دە خەیاڵمدا نەبوو، بەڵام «میرزا» دەبوو شەوێ لە جێگایەک ماباوە، ڕەشید بۆیە هاتە مەیدان، پاشان ئەوەی لێ دەرهات کە دیتمان.

دە بەسەرهاتی ڕەشیددا، فەرهەنگی چەتەگەریی شانی بۆ شل کراوە، تەنانەت کەمێک پەسندیش کراوە؛ چەتەی مەرد و ڕەند، چەتەی خاوەن مەبەست، نەک هەر شڕەخۆر و دەڵەچە. ڕەشید

فەقیرکوژ نەبوو، هەلومەرجی ژیان و کارەساتی نالەباری خدر ئاغا، بەرەو چەتەیی برد. دە کوردەواریدا هێندێک لە چەتەکان وابوون، جۆرێک پیاوەتی و جوامێری بە بێ کەڵک وەرگرتن لە فەلسەفە، کردوونی بە خەباتگێڕ. بۆ نموونە حەمە تاڵی بانە یەکێک لەوانە بووە.

یەکی دیکە لەو پاڵەوانە لاوەکییانە دە ڕۆمانی «میرزا»دا، «مەولوود کەوانە». کۆمەڵی کوردەواری ئەو جۆرە پیاوانەی کەم نین. ئەو کەسایەتییانە دایمە لە سەر پێی خۆیان ڕاوەستاون. زار لەبەر کەس خوار ناکەنەوە و بژێوی خۆیان لە سروشت وەردەگرن، ئەوانە پیاوی خۆیانن، ئەوانە بێ نیازترین بنیادەمن، کاری ناپیاوانە ناکەن و گوێ نادەنە حکوومەت و هێزی حاکم دە وڵاتدا.

من چوارچێوەی ڕۆمانەکانم دە کۆمەڵی کوردەواریدا بیر دەکەمەوە، کوردانە بیر دەکەمەوە و کوردانە دەنووسم، بە فەرهەنگی کوردەوارییەوە، جاری وایە باسی کەسێکی غەیری کوردم کردووە، دابونەریت و فەرهەنگم بەرەو ئەو لایە بردووە کە ئەو کەسەی تێدا دەژی، بۆ نموونە دە ڕۆمانی «زیندە خەو»دا کاتێک بە خەون دەبمە «حوسێن»، دە فەرهەنگی (حوسێن)دا دەژیم. ژیانی نەتەوەکان ئەگەر زۆریش نیزیک بن؛ دیسان هەر جیاوازن. دەگەڵ لە خەوەکە ڕاپەڕیم، دەبمەوە «ئازاد»، دەبمەوە کوردە هەژارەکە، سەرلەنوێ دایە خەیاڵە و فکری ئاڵۆز و پلۆزی خۆم.

* هەست و ئیحساسی مرۆڤەکان لە ڕۆماندا چۆن باس دەکەی، بە تایبەتی وەختی وایە لە زمان ژنێکەوە قسە دەکەی، یان بیر دەکەیەوە، کە لەگەڵ قسە و بیری پیاوێک جیاوازی هەیە؟

- کاتێک لە زبان پیاوێک ڕا قسە دەکەم، یان بیر دەکەمەوە، بە ئەندازەی ڕادەی تێگەیشتوویی ئەو کەسە کە دە پێشدا ناساندوومانە، دەدوێم، جا جاری وایە ئەو نەفەرە مناڵە، یان ژنە، دەوکاتانەدا هەرچی بێ، دەبێ لە قاڵبی ویدا بدوێم و بیر بکەمەوە. دە پێشدا پێویستە نووسەر شارەزای ئەوانە بێ، بەڵام دە کاتی نووسیندا دەبێ بە تەواوی دە قاڵبی وانەوە بچێ، هەستی ژنانە بۆ پیاوێک کەمێک چەتوونە، هەستی پیاوانە ـ ئەگەر ئەو پیاوە کوڕێکی منداڵ بێ ـ هاسانترە.

ئەو چوون دە قاڵبی خەڵکەوە، دە هونەری شانۆگەریدا چەتوونترە، چونکە لە سەر سێن دە ئانێکدا دەبێ ئەم کارە جێبەجێ بکرێ. دە ڕۆماندا هەر وەختێک ئەم هەستە بزووت؛ دەکرێ ئەودەم بنووسرێ. نووسین لانی کەم بۆ من وەک کۆدی تەلەفوون وایە، دایمە حازر بە دەست نییە، دەبێ ڕاوەستم هەتا کۆدەکەم بۆ دەگیرێ.

جارێکی بۆخۆم ئەم پرسیارەم لە جەنابی دوکتۆر برایمی یوونسی کرد، دەیگوت: «من وەک کارمەندێک سەعات حەوتی بەیانی، دەچمە پشت مێزەکەم و دەست دەکەم بە نووسین». ڕەنگە مەبەستی زۆرتر وەرگێڕان بووبێ، نووسین بەم جۆرە چەتوونە. من ئەم چەشنە کارەم لە دەست نایە، هەتا نەکەومە سەر حاڵ و هەوای نووسین؛ بۆم نانووسرێ. من ڕۆمانی «میرزا»م بە شەش مانگان نووسی، بەم جۆرە کە فەسڵێکم بە سێ مانگ بۆ نووسرا و ئەوەی مایەوە هەمووی بە سێ مانگ. دە حاڵێکدا کە «زیندە خەو»م بە پێنج ساڵ نووسیوە و «هاوارەبەرە» بە سێ ساڵ. من پێم وایە نووسین کارێکی هونەرییە و بە داوا لێکردن ناکرێ. دەبێ نووسەر بە تەواوی ئامادەی نووسین بێ، دەنا بێ تام دەردێ، بە تایبەتی

ئەو بەشە نووسینەی کە مەبەستی تۆیە، یانی حاڵات و هەڵسوکەوت و قسەکردنی ژنێک لە لایەن نووسەرێکی پیاوڕا، یان بە پێچەوانە.

* لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆکەکانت نێوانت چۆنە؟ خۆشت دەوێن، یان ڕقت لێیانە؟! لە ڕۆمانەکانی تۆدا، مۆرەی نالەبار کەم گونجاوە، هۆی ئەم کارە چییە؟

- جارێ با دە پێشدا ئەو ڕاستییە لە خۆم بڵێم، بەڵێ مۆرەی مەنفی و پیسکە دە نووسراوەکانی مندا کەمن، بەڵام وەنەبێ هەر نەبن. «بلە چەرچی» دە ڕۆمانی «میرزا»دا، «حوسێن» دە «زیندەخەو»دا و زۆریتریش ئاپۆرە هەن، بەڵام بە تێکڕایی زۆر نین، ئەوە دەچێتەوە سەر جیهانبینی نووسەر. هەر بە ڕاستیش من پێم وایە کۆمەڵی کوردەواری، پیاو، یان ژنی زۆر خراپی کەمن. کورد میللەتێکی نەجیب و هەژارە، زێدە خوازی نییە، ئەگەر لێی بنەوە و نەیهاروژێنن؛ ڕەنگە زۆر پتر لە ئێستاش ئارام و لەسەرەخۆ و نەجیب بێ. منیش دەو کۆمەڵەدا دەژیم، لەسەر ئەو میللەتەش دەنووسم. من بۆخۆم کەمتر لە ڕۆماندا خۆ لە مرۆڤی پیس و ملۆزمی نەعاملاو و نەحەواوە دەدەم، یان باشترە بڵێم بۆم دروست ناکرێ، تەنانەت دە «زیندەخەو»دا حوسێنم هەیە، بەڵام دە ئاخریدا ئەویش لە کردەوەی خۆی پەژیوان دەبێتەوە و ئاخری خۆی دەکوژێ.

زۆر نووسەر هەن لە سازکردنی دەسکری پیسکە، شارەزاترن لە دەسکری خاوێن و ڕێکوپێک. بۆ نموونە «مەحموودی دەوڵەت ئابادی» لە ڕۆمانی بە نرخی «کێلیدەر»دا، شتی وای سازکردووە، بنیادەم زەندەقی دەچێ، وەک «عەبباس جان»، «قەدیر»، «ماە دەرویش»، بەرەڵلاوحەرەڵلای دنیایەی لە پەنا پاڵەوانی وەک «زیوەر» و «خان عەموو» کۆ کردووەتەوە. لە هەمووانیش پاڵەوانتر «گوڵ محەممەد»ە کە دەتوانم بڵێم دەوڵەتئابادی لە پاڵەوانسازیدا لە هەموو کەس شارەزاترە.

با بڕێکیش بگەڕێینەوە سەر مامەڵە دەگەڵ پاڵەوانەکانم دە چیرۆکدا. بەڵێ من دەگەڵ کەسایەتی چیرۆکەکانمدا دەژیم، زۆریش دەژیم، دە پێشدا دە خەیاڵمدا، پاشان کاتی نووسین. ئەو دەگەڵ ژیانە، یان دەگەڵ بیرکردنەوە، باشتر بڵێم چوون دە قەوارە و قاڵبی ئەوانەوە، چەشنێک یەکەتی، دۆستایەتی و خۆشەویستی پێک دێنێ، دە خۆشییەکانیاندا خۆشم و دە دەردەکانیاندا هەست بە ژان دەکەم. بوومە میرزا، بوومە یای ناز، بوومە وەتمان و بوومە هەموویان، جا بە تایبەتی ئەگەر وا هات و لە یەکیان بۆ بەردەوام جیا بوومەوە، وەک «ڕەشیدە دزە»، بە جارێکی خەم دام دەگرێ.

من فکر دەکەم ئەو هۆگرییە دە خوێنەریشدا هەیە؛ ئەگەر نووسراوەکە کاریگەری قووڵ و تەواوی لە سەر خوێنەر کردبێ. کاتێک ڕۆمانی«میرزا» چوو دە بازاڕەوە، بەشێکی دەکرێ بڵێم زۆر لە خوێنەران، بە نامە، یان بە تەلەفوون گلەییان لە کوژرانی «ڕەشیدە دزە» دەکرد، ئەوانیش خەمیان بوو، ئەوانیش منیان بە تاوانبار دەزانی و دەیانگوت: «بۆ ڕەشیدت کوشت؟!»

* بە بڕوای ئێوە - لە مانایەکی گشتیدا - ڕۆمان، یانی چی؟

- بە بڕوای من ڕۆمان، یانی ژیان، بەسەرهات، بیرەوەری، یان ئەو خەیاڵەی زەینی نووسەری پڕ کردووەتەوە، جا ئەو پڕ کردنەوە، فەلسەفە بێ، مێژوو بێ، یان تەنز بێ، دە قاڵبی هەر شێوازێکدا هەڵڕژێ، دەبێتە ڕۆمان.

* ئەگەر بمانەوێ پلە و پایەیەکت بۆ دیاری بکەین، دەبێ بڵێین چ چەشنە ڕۆماننووسێکی؟
- من نامەوێ ئەرک بۆ ئێوە، یان کەسێکی دیکە دیاری کەم، کەیفی خۆتانە چیم پێ دەڵێن، بەڵام بۆخۆم پێم وایە من نووسەرێکی لادێیم.
* بۆ خۆت بە دێهاتی دەناسی؟ چەند ساڵە لە شاردا دەژی؟
- ٤٥ ساڵە دە شاردا دەژیم، بەڵام ئەو شارانەی من تێیاندا ژیاوم؛ دە فەرهەنگی دێیاندا دەبینم. من نووسەرێکی گوندیم و بە کەمیشی نازانم.
* کەی «هاوارەبەرە»ت دەست پێ کرد و چۆن بوو بەو فکرە گەیشتی ڕۆمان بنووسی؟
- ٢٠ ساڵ لەوەی پێش خەریکی ئاخر لاپەڕەکانی «هاوارەبەرە» بووم. من لەمێژ بوو مەیدانی ڕۆمانم دە ئەدەبی کوردیدا بەتاڵ دەدیت. نوسخەیەکی واشم بە دەستەوە نەبوو بیکەمە سەرمەشق، لەودیوی کوردستان ڕۆمانیان هەبوو، بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕ و هاموشۆیەی ئێستا هەیە، ئەودەم نەبوو. من دە چیرۆکی کوردیدا تەنیا «پێکەنینی گەدا»ی (حەسەنی قزڵجی)م خوێندبووەوە، کە وەک دەزانین کۆمەڵێک کورتەچیرۆکە و کتێبی «باقەبێن»ی ئەحمەدی قازی کە تەنزە و هیچیتر. دەمویست بنووسم، ئەمما نەمدەزانی چۆن دەست پێ بکەم.
ڕۆمانی فارسیم زۆر خوێندبووەوە، بەڵام وەک دە پێشدا گوتم یەکێک لە ئەسڵەکانی ڕۆمان ئەوەیە، مۆری نەتەوایەتی بە نێوچاوانییەوە هەبێ. ڕۆماننووسی کورد دەبێ کوردانە بیر بکاتەوە و کوردانە بنووسێ، ڕستەکانی وەرگێڕاوی زمانێکی دیکە نەبن، حاڵەتی دەستووری و پاش و پێشی واژەکان، لە قەراری خۆی دابێ، وە... جا بەو ئاڵۆزی فکری و ئەمانەتخوازییەوە کارەکەم لە بەر چەتوون بوو، بەڵام بە ئازایەتییەوە دەتوانم بڵێم هەڵمکوتا سەری و تا ڕادەیەک سەرکەوتم.
من خەریکی نووسینی «هاوارەبەرە» بووم، دە خەیاڵی خۆمدا دەمگوت ئەگەر هاتو تەواوم کرد؛ هەر فەسڵەی دە ژمارەیەکی گۆڤاری (سروە)دا چاپ دەکەم. ئەگەر هاتو پێشوازی لێ کرا، دەکرێ بیکەینە کتێبێکی سەربەخۆ. ئەوێ دەمێ دۆستی خۆشەویستم «سەڵاحی عەرەبی» سەڵاحی ئاشتی ئێستێ کە لە شاری «بووشێهر» سەرباز بوو، هەر چەند جارێ بۆ پشوودان بەرەو سابڵاخ دەبۆوە، بە بۆکاندا دەهاتەوە و سەرێکی مامۆستا حەقیقی دەدا و منیشی بە سەر دەکردەوە. قسەی خۆمان بێ، دەزگیرانەکەی خەڵکی بۆکان بوو، خوا پێم نەگرێ ئێمەی کردبووە بیانوو. بەینی خۆمانە، هاتنی بۆ ئێرە هیلاکەتیشی تێدا بوو، کەچی هەموو جارێ لێرە دەماوە. جارێکیان من خەریکی نووسین بووم، هات و پرسی و بیروڕای خۆمم پێ گوت، ملی لێ سووڕاندم و گوتی: «نەوەڵڵا یەکجاری بیکە کتێبێکی سەربەخۆ و (سروە) جاری وایە بە دوو مانگان نایەتە دەرێ، خوێنەر بەشی هەوەڵی لە بیر دەچێتەوە تا بەشی دووەمی دەگاتە دەستی».
منیش قسەکەم پەسند کرد و کردمە کتێب. ماڵی ئاوەدان بێ، کارەکە بە قازانج تەواو بوو. ئەوێ دەمێ سروە و بنکەی سەڵاحەددین دەو وڵاتەدا تاقانە بوون. کتێبم دانێ و ماڵیان ئاوەدان بێ چاپیان کرد. ئەو ڕۆمانە هەڵە و پەڵەی تایپی تێدایە، هەڵە و پەڵەی خۆشمی ڕەنگە کەم نەبن، بەڵام لە قەدەر ئەوێ دەمێ باشە و دەو حاڵ و هەوایەدا خراپ دەرنەهات.
* پێت وایە ڕۆمانی ئەمڕۆی کوردی، بە چ شێوازێک بنووسرێ باشترە؟

– ئێمە هەموو سەبک و شێوازێکمان پێویستە، چونکە درەنگ پێگەییوین، دەکرێ بڵێم دە ڕێ داین، ئەژماری ڕۆمانە کوردییەکان زۆر نین، ئەوانیش لاساکردنەوەن، ئێمە تا ئێستێ سەبکی سەربەخۆمان نییە.

من زۆرم گوێ نەداوەتە سەبک، (هاوارەبەرە) و (میرزا) هەروا ئاسایی و «ڕیالیستی»ن، هەرچەند لە هێندێک شوێندا خەیاڵ بە قەوەتە و دەکرێ بڵێم خەیاڵین و کارەکە بەرەو ڕیالیستی خەیاڵی چووە، بەڵام سەرجەم کارەکە هەر نەگۆڕاوە.

دە «زیندەخەو»دا بە بڕوای خۆم ویستوومە سێ چەشنە شێواز، لە پەنایەک مۆنتاژ بکەم. ڕیالیسم و ئوستوورە و پۆست مۆدێڕن؛ یانی ژیانی ئاسایی «ئازاد» پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە، لە پەنا بەسەرهات و حەکایەتەکانی دایە خەیاڵ، دەگەڵ خەونەکانی ئازاد. نازانم چەندە سەرکەوتوو بووم، ئەوە کاری ڕەخنەگرە کە دەبێ نەزەر بدا و کارەکە نەغد (نەقد) کاتەوە.

ئێمە جارێ زۆرمان ماوە بگەینێ، لە هەمووان پێویستتر ئەوەیە کە هێشتێ ویراستارمان نییە. نووسەری بێ ئەنوا دەبێ لە چەنگ و نینۆک بکەوێ، دەبێ هەڵەی پیتچن بدۆزێتەوە و ڕاستی کاتەوە، دەبێ ئەوەی باسی سەرە، خۆی لێ نەدا، دەبێ تەرح و تەڕاحی ڕووجڵدی (نەخش و نەخشەسازیی بەرگ)ی بۆ هەڵبژێرێ، دەبێ هەزار کوێرەوەری لەسەر بکێشێ هەتا دەگاتێ.

ڕەخنەگرەکان زۆرتر دە حەولی ئیراد دیتنەوەن، دیارە من لە ڕەخنە نەترساوم، بەڵام بۆ هەڵسەنگاندن تەنیا دۆزینی ئیراد کافی نییە، بەڵکوو دەبێ شتەکە نەغد کەینەوە، لایەنی چاک و خراپی، بە هێزی و لاوازی هەڵسەنگێنین و بەسەریەوە نەچین.

* لە کەسایەتی بەرهەمەکانت، کامیانت زۆرتر خۆش دەوێ؟

– «میرزا»

* لە سەرجەمی کارەکانت چی؟

– «زیندەخەو»م پتر بە دڵە و لە هەمووشیانم خۆشتر دەوێ. نووسەر بۆ بەرهەمەکانی وەک دایک و باوک وایە، منداڵی چووکەی، یانی پاشەبەرەی، لە هەمووان خۆشتر دەوێ. من هەرچەند کتێبی «میرزا» زۆر بە سەرکەوتوو دەزانم، بەڵام «زیندەخەو»م زۆر پێ باشترە. ئەوە نووسەر خۆیەتی دە بیر و بۆچوونی خۆیدا، بەرە بەرە بەرەو چاکی و بەرەو باشبوون دەڕوا، دە ئاخریدا هیی وا هەیە لە نووسین دەکەوێ و ئەگەر ئازا بێ، خۆی لە هەموو کەس زووتر لەو ئاڵوگۆڕە حاڵی دەبێ، قەڵەم ماچ دەکا و دایدەنێ. هیی واش هەیە دەست ناکێشێتەوە و بەردەزوورە ڕە مێشکی خوێنەر دەخا.

من هەر کاتێک هەست بکەم توانایی نووسینم نەماوە، ڕادەوەستم، بەڵام دایمە چاوەڕێی بەرهەمی بە هێزی لاوەکان دەبم و سەرکەوتنی خۆم لەواندا دەبینم. هەر بەرهەمێک هەتا نەنووسراوە، هیی خاوەنیەتی، دەگەڵ هاتە سەر کاغەز؛ دەبێتە هیی خەڵک و دەبێتە ئەدەبیاتی میللەت. نووسەر لە کۆتایی ژیانیدا تەنیا ناوێکی ویشکی بۆ دەمێنێتەوە، ئەویش بە کەڵکی خۆی نایە.

* ببوورن، دەکرێ بیروڕاتان سەبارەت بەم وشانە بفەرموون؟

– تکایە.

**خودا:** ئەو کەسەی دە خەیاڵی ئێمەدا هەیە، واژەیەکی لە ڕادەبەدەر توانایە.

**دین:** ڕێوشوێنی بڕوا پێکراو.

**ئینسان:** ئەو گیانلەبەرانەی پێکەوە هۆگرییان هەبێ.

**ژیان:** خەبات لە پێناوی ئازادی.

**کورد:** نەتەوەی مەزڵووم.

**ناسیۆنالیزم:** خۆ ویستن بۆ بە خۆ گەیشتن.

**مەستی:** گێژی و خۆشی پێکەوە، تایبەتی ئارەق خواردنەوە نییە، وەک ئەو شیعرە بەرزەی عەلی حەسەنیانی: «چاوت دە چاوی من بڕە، با مەستی بادە بم»

**سنوور:** شوێنی دیاریکراو، هێڵ.

**گوڵی سوور:** ئەوەی چاو بە دیتنی حەز بکا، بیرەوەری ڕوومەتێکی سوور، یان لێوێکی ئاڵ.

**وەفاداری:** خەیاڵی خاو.

**دۆست و ڕەفیق:** ئەوانەی دەکرێ سفرەی دڵیان لە لا بکەیەوە.

**گریان:** ئەوپەڕی ناخۆشی و خەم، یان خۆشی و شاگەشکە بوون.

**مانگی گوڵان:** مانگێکی بەهار، ئەو مانگەی گوڵ دەپشکوون.

**سەفەر:** هەر چەشنە دوورکەوتنەوەیەک بە خۆشی.

**سێکس:** هەموو شتێک.

**لاوی:** ئەو کاتەی، تەنیا ئەو بە تەمەن حیساب دەکرێ.

**جوانی:** لاوی و ڕێکوپێکی هەموو ئەندام.

**ئازادی:** ئەوەی من هەرگیز نەمبوو.

**پەلکەزێڕینە:** ئەو یارەی خۆشت دەوێ.

**شەونم:** ئاونگی بەربەیانی ژیان.

**ئەوین:** حەز.

**زیندان:** ئەوپەڕی بێ بایەخی مرۆ.

**میرزا:** ئەو کوڕە کوردەی من دەڵێم.

**حەسەن زیرەک:** چارەڕەشترین هونەرمەندی کورد.

**تاووس:** کیژی شەنگ و شۆخ و چوزە.

**پەراوێزەکان:**

١- مەکووکە: ئەو گۆیەی دە جۆلاییدا بەن، یان دەزووی پێوە دەکەن و بە مابەینی ڕایەڵ و پۆدا بەڕێ دەکرێ.

٢- شەپیتە: ئەو کەرەسەی دە جۆلاییدا ڕایەڵ و پۆی پێکەوە دەچنێ و سفتی دەکا.